# چاکترین بیانوو بۆ کۆمۆنیستی هەڵگەڕاوە
# لە بازاڕی ئەمڕۆدا بەیەکچوواندنی (کۆمۆنیزم و فاشیزم)ە !

* دارا ئەحمەد *

بەڕێز ستیفان لە بەراوردکردنی پارتی و یەکێتیی کە یەک شتن تا رادەیەک باشی بۆچووە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هەر یەک نین و چونکە پارتی پارتیە و یەکێتیش یەکێتیی ..هەرچۆنی بێ ئەمە بەراوردکردنێکە دەرفەتی ئەوە هەیە پتر ئاخاوتنی لەسەر بکرێ و لێبکۆڵدرێتەوە ، بەڵام ئەو بۆ بەڕاستگەڕانی بۆچوونەکەی - بە بێئەوەی پێویست بکا - بەراورد لە نێوان کۆمۆنزم و فاشیزم دەکا کە گوایە بەیەک دەچن یان یەک شتن! لەمەش عەنتیکەتر هاتووە پەنا بۆ (Alain Badiou) دەبا کە گوایە بیرمەندێکی ناسراوە و-لە شوێنێک شەکرێکی شکاندووە- گوتوویە:

( فاشیزم و کۆمۆنیزم کەبەرواڵەت دژ بەیەکن بەتەواوی چوون یەکن ، هەردووکیان لەخانەی تۆتالیتاریزمدان ).

هەرچەندە بەر لە (Alain Badiou) چەندین کەسیتر قسەی لەم بابەتەیان لە بازاڕدا هەڕاج کردووە ، بەڵام بەداخەوە کاک ستیفان هیچیان رەواجیان پەیدا نەکرد و هەموویان بە ناچاریی بەشێوەک لە شێوەکان کەوتوونەتەوە خزمەتکردن بە رژێمی هاروهاجی ئێستای سەرمایەداریی کە وەک دەبینین چ دۆزەخێکی بۆ تەواوی مرۆڤەکان لەسەرتاسەری جیهان چێکردووە . کۆمۆنزم جگە لە یەکسانیی و ئاسوودەییبۆ مرۆڤەکان هیچیتری پێنییەو بەڵام ئەگەر تۆ واتزانیووە حوکمەکانی ستالین و ماو و ...هتد حوکمی کۆمۆنیزم بوون لەگەڵ رێزمان بۆت بە هەڵەدا چووی وەک ئەوەی کە(Alain Badiou) بەهەڵە دانەچووە ئەو دەزانێ لەکوێوە قسەی هزرمەندە سەرمایەدارییەکان ئەوانەی تیۆربەندیی(تۆتالیتاریزم) دەکەن چەندپاتدەکاتەوە ، هەرچەندە ئەو بەراوردکردنەی ئەو کە تۆش لەگەڵیدای وەک بەراوردکردنی نێوان ( مێش و گامێش)ە بەڵام هەردەبێ بۆچوونەکانتان تێکبکاتەوە چونکە هەردووکتان کۆمۆنیستی هەڵگەڕاوەن ، ئاگاشت لەوە هەبێ کە لە کوردەواری خۆمان دەڵێن ( ئەگەر کۆمۆنیستێک لە هزری خۆی هەڵبگەڕێتەوە .. چونکە زیرەکن هەمووشتێکیان بۆدەکرێ و هەموو شتێکیشیان لێدەوەشێتەوە.) کاکی برا مەرج نییە هەر بیرمەندێک قسە بکا قسەکانی راستبن یان هەر خودی خۆی قسەکە لە ناخەوە بکا و خۆی قسەکەی خۆی پێ راست بێ ، خۆت باش دەزانی بیرمەندان بەسەر دووبەرەی چاک و خراپ.. چەوساوە و چەوسێنەر یان هەر دوو ناوێکی دژ بە یەک کە لە ئەنجامی رەوتی ژیانی ئەم سیستەمە چەوسێنەرە یەکبەدوایەکانەی ژیان دروستبوونە دابەشبوونە و هەرلایەی بەپێی بەرژەوەندیی بەرەکەی خۆی قسان دەکا.. بۆیە هەر دەبێ ئەو لە دژی ئایدیۆلۆژیایەک بجەنگێ کە رێ رۆشنکەرەوەی چەوساوانە دەنا چۆن دەکرێ ئادیۆلۆژیایەک کە لەسەر بنچینەی لابردنی تێکڕای ستەمەکان لەسەر تەواوی مرۆڤەکان

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بنیاتنرابێ بە فاشیزم بچووێندرێ کە رەوتێکی سەرسەختی دژەمرۆیی سەرمایەداریی بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرمایە و بازاڕی کاڵاساغکردنەوە سەریهەڵدا ، لە کۆتاییشدا دەڵێم کاک ستیفان ( هەرچی سمێڵی سوور بێ .. هەمزاغا نییە ) و بەراوردکردنی یەکێتیی و پارتیش و بەیەکچواندنی بە بەراودکردنی کۆمۆنیزم و فاشیزم بە هەر پێوەر و پێوانەیەک هەیە جگە لە دەهۆڵکوتان بۆ نەزمی نوێی جیهانی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا - کە رەنگە کورد لەبەر هەندێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی لایەنگریی لە دەسەڵات و باڵادەستیی ئەمەریکا بکا – هیچی تر نییە خۆ ئەگەر لە ناخیشەوە هەڵقولابێ ئەوا بە داوایلێبووردنێکی گەورەوە جگە قووڵنەبوونەوە و سادەیی و سەرچغچوون هیچی تر ناگەیەنێ ..بەڵام دیارە ئەمڕۆ چاکترین بیانوو بۆ کۆمۆنیستی هەڵگەڕاوە بەیەکچوواندنی ( کۆمۆنیزم و فاشیزم)ە . هیواداریین لەمەودوا نووسەرانی کورد بە پارێزەوە شت بنووسن و بابەتەکان تەواو هەرس بکەن ئەنجا دەست بۆ پێنووس ببەن و هیچ نەبێ رەچاوی ئەوەش بکەن کە ئێستا خوێنەران شارەزان و بە زمانی تریش شت دەخوێننەوە ئەگەر شتێکی نوێ یان بەسوودیان پێ نییە ئەوا با وازیان لێبهێنن و پتر بێزاریان نەکەن و بە دووبارەکردنەوەی بێسوود سەرقاڵیان نەکەن بە تایبەتیش بە دووبارەکردنەوەی هەندێک شێواز و جۆری رووکەش و ساختەی نووسین کە خۆشی بێ و ترشیی بێ تەنیا لە بەرژەوەندیی چەوسێنەراندایە .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image